# لێکەوتەی ئاخاوتەیی لەگوتاری سیاسی کوردیدا (بانگەشەی هەڵبژاردن بەنمونە)

د. ئاسۆس انور سلێمان[1] پ.د.تاڵیب حوسێن عەلی[2]

[1]بەشی ڕێپەری گەشتیاری-،پ.ت. کارگێری هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر-، هەولێر، کوردستان، عێراق

[2]مامۆستای خانەنشین- کۆلێژی پەروەردەزانکۆی سەلاحەدین- کوردستان- عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیەکەبەناونیشانی (لێکەوتەی ئاخاوتەیی لەگوتاری سیاسی کوردیدا – گوتارەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن بەنمونە)یە، هەڵێنجراوی بەشێکەلەتێزی دکتۆرا، لەبەر ڕۆشنایی بنەماکانی هاریکاری لای (گرایس) تیشکخراوەتەسەر لێکەوتەی ئاخاوتەیی لەچەند نمونەیەکی بەهەرەمەکی وەرگیراو لەگوتارەکانی تایبەت بەهەڵبژاردنی (خولی پێنجەم)ی پەرلەمانی کوردستان لەڕوانگەی ڕەهەندی پراگماتیکی ئەرگۆمێنتەوە، کەنیشاندانی باری ئەرگۆمێنتی لەگوتارەکاندا بەمەبەستی بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر لەلایەن حزبەکانەوەکراوەتەئامانجی لێکۆڵینەوە. هەوڵدراوەئەوەبسەلمێنرێت کەحیزبە سیاسیەکانی کوردستان لەکێبڕکێی هەڵبژاردندا گوتاری سیاسیان کردۆتەسەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ڕازیکردنی دەنگدەر و بەدەستهێنانی متمانەو دەنگیان، بۆ ئەم مەبەستەش لەگوتارەکانیاندا هەوڵیانداوەکاریگەری بخەنەسەر هەست و سۆزی جەماوەر، هاوکات پشتیان بەبەڵگە و پاساوی جۆراوجۆر بەستووە، بۆ ئەم مەبەستەش بەشێك لەسیاسەتمەدارانی حیزبەکان لەگوتارەکانیاندا بنەماکانی هاریکاری پێشێلدەکەن، بەمەبەستی دروستکردنی باری ئەرگۆمێنتی گوتارو باوەڕپێهێنانی دەنگدەر بەبەرنامەو دیدی حزبی خۆیان و ڕازیکردنیان.

**ووشە سەرەکیەکان:** ئەرگۆمێنت، لێکەوتەی ئاخاوتەی، بنەماکانی هاریکاری، بەڵگەلۆژیکییەکان، بەڵگەهێنانەوە ، ڕازیکردن، کاریگەری.

## پێشەکی :

ئاشکرایەکەدیوی دووەمی واتای هەر گوتنێك لەگوتاری سیاسیدا، خۆی لەمەبەستی نێرەر و جۆری تێگەیشتنی وەرگردا دەبینێتەوە، کاتێك بەهۆی بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری لەلایەن نێرەرەوەلێکەوتەی ئاخاوتەیی لەلای وەرگر بەرهەمدێت، گوتاربێژ بەمەبەستی دروستکردنی باری ئەرگۆمێنتی گوتار و هەروەها کاریگەری خستنەسەر هزر و هەست و سۆزی وەرگرەوە، پەنا بۆ بەزاندنی ئەم بنەمایانەدەبات، هاوکات بەڵگەو پاساوی گونجاو لەگەڵ دەوروبەرو بارودۆخی گوتنەکەبەکاردەهێنێت بۆ ڕازیکردن وبەدەستهێنانی متمانەو دەنگی جەماوەر لەپرۆسەی هەڵبژاردندا.

ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکەبریتییەلە(ڕەهەندی پراگماتیکی ئەرگۆمێنت لەلێکەوتەی ئاخاوتەیی گوتاری سیاسی کوردیدا – گوتارەکانی بانگەشەی هەڵبژاردن بەنمونە).

سنوری توێژینەوەکە:

بۆ ئەم توێژینەوەیەسود لە(31)ی نمونەی بەهەرەمەکی دەستنیشانکراو وەرگیراوە، کە تایبەتن بەهەڵمەتی هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، لەم نمونانەدانێرەری گوتارەکان زۆرترین بەزاندنیان لەبنەماکانی هاریکاریدا ئەنجامداوە، کەلەم توێژینەوەیەدا ئاماژەبە(58) حاڵەتی بەزاندنی بنەمای هاریکاری لەنموونەکاندا کراوە.

چوارچێوەی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوەدەستنیشانی باری ئەرگۆمێنتی گوتارەکان و ئەو پاساو و بەلگانەبکریت کەلەلایەن سیاسەتمەدارانی سەر بەحزبەکانی کوردستان بەکارهێنراون، کەزۆربەیان بریتین لەهەوڵی دروستکردنی کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی دەنگدەر، بەمەبەستی ڕازیکردنیان، ئەمەش بەو مانایەدێت گوتاربێژەکان خویندنەوەیەکی وردیان بۆ سایکۆلۆژیای جەماوەر کردووەو دەزانن بەچی کاریگەر دەبن.

مجلّة پۆلیتكنیك للعلوم الإنسانية والإجتماعية

المجلد 4، العدد 1 (2023)

أُستلم البحث في 23 فبراير 2022؛ قُبل في 8 **يونيو** 2022

ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 24 أبريل 2023

البريد الإلكتروني للمؤلف: asos.sulaman@epu.edu.iq

حقوق الطبع والنشر © 2023 ئاسۆس، تألیب. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا کارکراوەبۆ دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی ژمارەو جۆری بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری، کەلەگوتاری سیاسی حزبەکاندا بەمەبەستی دروستکردنی باری ئەرگۆمێنتی و دروستکردنی کاریگەری لەسەر دەنگدەر پەیڕەوکراودا، ئەمەش سەرچاوەیەکی کاراو کاریگەربووەبۆ بەدەستهێنانی متمانەو دەنگی دەنگدەر لەپڕۆسەی هەڵبژاردندا، هاوکات هەوڵدراوەڕێژەی سەدی هەریەك لەشێواز و جۆری ئەرگۆمێنتەکان دەستنیشان بکرێت.

گریمانەی توێژینەوەکە:

گریمانەی ئەم توێژینەوەیەلەو پرسیارەوەسەرچاوەی گرتووە، کەدەڵێت: ئایا سیاسەتمەداری کورد تاچەند گرنگی بەخویندنەوەی سایکۆلۆژیای جەماوەر دەدات و چەندەلیهاتوو بووەلەبەکارهینان و هەڵبژاردنی جۆری ئەو ئەرگۆمێنتانە؟ لەوەلامی ئەو گریمانەیەدا، بەرەچاوکردنی ئەنجامی توێژینەوەکە، گەیشتینەئەوەی بڵێین: ڕازیکردنی تاکی کورد زیاتر لەڕیگەی جولاندنی هەست و سۆزەوەدەگاتەئەنجام، وەك لەوەی بەڵگەو ئەزموونکردنی حزبەکان ڕۆڵیان هەبووبێت، ئەمەش بەلگەیەکەبۆ ئەوەی کەحزبەکان خویندنەوەی وردیان بۆ کەسایەتی تاکی دەنگدەر هەیەو دەزانن چۆن کاریگەریان لەسەر دروست بکەن.

ڕێبازی توێژینەوەکە:

لەڕوی تیۆرییەوەبۆ بەئەنجام گەیاندنی کاری ئەم تویژینەوەیە، سود لەڕێبازی وەسفی شیکاری گشتی وەرگیراوە، پاشان وەك کارێکی پراکتیکی (31) نمونەلەگوتارەکانی تایبەت بەبانگەشەی هەلبژاردن بۆ خولی پینجەمی پەڕلەمانی کوردستان کاریان لەسەر کراوە، لەڕوی دەستنیشانکردنی جۆری بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری و ئاماژەکردن بەباری ئەرگۆمێنتی هەریەك لەم نمونانەی کەبەشێوەیەکی هەرەمەکی وەرگیراون، گەیشتووین بەئەنجامی تویژینەوەکە.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیەجگەلەپێشەکی و ئەنجام لەدوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم تایبەتکراوەبەلایەنی تیۆری باسەکەو تیایدا باسی ئەم بابەتانەکراوە: ڕەهەندی پراگماتیکی ئەرگۆمێنت لەگوتاردا، دواتر لیکەوتەی ئاخاوتەیی و جۆرەکانی ئاماژەیان پێدراوە، ئینجا بنەماکانی هاریکاری و بەزاندنیان لەگەڵ جۆری بەزاندنەکان بەنمونەی پێویست لەم بەشەدا خراونەتەڕو.

بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەکەبەشێکی پراکتیکییەتایبەت کراوەبە: دیاریکردنی نمونەی گوتارەکان و خستنەڕوی بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری و ئەو مەبەستەئەرگۆمێنتییەی، کەنێرەری گوتارەکان بۆ ڕازیکردنی جەماوەر هەیانەبەشێوەی (چارت و گراف) ڕێژەی سەدی هەریەکەیان ئاماژەی پێدراوە. لەکۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕو.

1.لایەنی تیۆری توێژینەوەکە:

1-1 ڕەهەندی پڕاگماتیکی ئەرگۆمێنت لەگوتاردا

ئەرگۆمێنت ڕەگەزێکی دانەبراوەلەگوتار، هاوکات سەرچاوەی پێکهێنانی گوتارێکی کاریگەرەلەسەر جەماوەر، بەجۆرێك ((ئەرگۆمێنت گوتار بەهێز دەکات و ڕەوایی دەداتەگوتەکانی (نێرەر)) (موشیر، عبدالواحد: 2014: 84)، یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی زمانیش لەپەیوەندیکردندا ئەوەیە، کەوا دیوێکی نەوتراو و شاراوەی هەیە، بەتەنها لێکدانەوەی واتای فۆڕمی دەرەوەی دەربڕینەکان بەپێی ڕێکخستنی سینتاکسیان بەس نییەبۆ تێگەیشتن لەو دیوەی کەنەوتراوەو مەبەستی نێرەرەلەدەربڕینەکەدا، واتە((خەڵکی بۆ دەربڕینی مەبەستەکانیان تەنیا گوتەکان، کەهەڵگری وشەو ڕۆنانەڕێزمانییەکانن بەرهەم ناهێنن)) ( عومەر، تەلان محەمەد: 2018: 114)، بۆیەهەریەك لەدەوروبەری گوتن و شێوازی دەربڕینیان لەلایەن نێرەرەوەبریتین لەو ڕەگەزانەی، کەوەرگر لەواتاو مەبەستی دەربڕینەکەنزیك دەکەنەوە، ئەمەش بریتییەلەڕەهەندی پڕاگماتیکی زمان، بۆیەلەم ئاستەی زماندا کەپڕاگماتیکە، گرنگی بەزمانی گوتار دەدرێت. ( بلانشیە، فلیب: 2007: 18). پڕاگماتێك بریتییەلەلێکدانەوەی واتا لەدەوروبەردا، هەروەها پەیوەستەبەبەکارهێنانی زمان لەدەوروبەری جیاوازی گوتندا،دەکرێ بوترێت (( بەکارهێنانی زمان و بەرجەستەکردنی لەئاخاوتندا بەیەکێك لەئامانجەگرنگ و سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەی پڕاگماتیك دادەنرێت)) (عەلی، تاڵیب حوسێن: 2013:109).

سیاسەتمەدار لەبانگەشەی هەڵبژاردندا بەشێوەیەك زمان بەکاردەهێنێ، کەپاڵپشتێ بەئەرگۆمێنتی گونجاو، بەئامانجی دروستکردنی کاریگەری لەسەر (وەرگر)، چونکەپەیوەندیەکی پتەو لەنێوان هەریەك لەئەرگۆمێنت و گوتاردا هەیە، کەدەگەڕێتەوەبۆ هاوئامانجیان، کەبریتییەلەهەوڵدان بۆ دروستکردنی کاریگەری لەڕێگەی گرنگیدان بەهێزی دەربڕین و دەسەڵاتی زمانی(لعروباوی، نورية: 2018: 15)، ئەم کاریگەرییەش کاتێك بەدەست دێت، کەجۆر و سروشتی کەسایەتی وەرگر لە ئامادەکردنی گوتاردا فەرامۆش نەکرێت، چونکەڕادەی سەرکەوتنی گوتار پەیوەستەبەڕادەی گونجانی لەگەڵ باری دەرونی (وەرگر)دا، هەروەها پەیوەستەبەجۆری ئەو دەوروبەرەی کەتیایدا بەکاردەهێندرێت، هەر ئەمەش ڕادەی کاریگەری بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ئەرگۆمێنتبۆ ڕازیکردن دیاردەکات،( الحباشه، صابر : 2008: 21).

لەم بارەیەوە(ڤاندایك) باس لەپەیوەندی پتەوی نێوان پراگماتیك و دەرونزانی دەکات، هاوکات ئاماژەبەباری دەرونی و کۆمەڵایەتی وەرگر دەکات و پێی وایەکەلەهەر گوتنێکدا لایەنی دەرونی(وەرگر)، ڕەنگدانەوەی لەسەر جۆر و جیاوازی تیگەیشتنی ئەودا دەبێت لەناوەڕۆکی پەیامەکە. (,Jef:1999: 262 Verschueren)

2-1 لێکەوتەی ئاخاوتەیی:

یەکێکەلەبابەتەکانی پڕاگماتیك، پەیوەستەبەواتای نەوتراو و شاراوەی دەربڕینێك، نەك ئەوەی کەڕاستەوخۆو ئاشکرا دەگوترێت، واتەدیوی دووەمی ئاخاوتن و تێگەیشتنی مەبەستی ناڕاستەوخۆو نەوتراوی گوتنێکە.( عەلی، شێرزاد سەبری: 2013: 190).

لێکەوتەی ئاخاوتەیی بەشێکی گرنگەلەزانستی پراگماتیك و پەیوەستەبەدەوروبەری گوتنەوە، هەڵێنجانی واتای دووەمی گوتنێکەلەرێگەی تێڕوانین و مەبەستی نێرەر لەو شتەی کەدەیڵێت، هەروەها جۆری تێگەیشتنی وەرگر، کاتێك گوێبیستی شتێك دەبێت و شتێکی تری لێ تێدەگات، ئەم دیاردەیەش لەلایەن (گرایس)هووەبەلێکەوتەی ئاخاوتەیی ناونرا، کەدەڵێت: (( زۆربەی ڕستەکانی زمان واتایەکی ئاشکرایان هەیە، بەڵام بەشێکیان واتایەکی شاراوەیان هەیە، کەواتاکانیان پەیوەستن بەدەوروبەرەوەو لەدەوروبەردا ڕوندەبێتەوە)). (عەلی، بدرخان سلێمان: 2015: 54(، هەروەها (گرایس) تێبینی ئەوەی کردبوو کەخەڵکی لەگفتوگۆکانیاندا ئەوەی کەدەیڵێن مەبەستیانە، هەروەها مەبەستیان زیاترەلەوەی کەدەیڵێن، یان مەبەستیان پێچەوانەی ئەوەیەکەدەیڵێن، بەم تێبینییەی ویستی پەیوەندییەك دروست بکات، لەنێوان واتایەك کەڕاستەوخۆو گوتراوە، لەگەڵ واتایەکی دیکەی شاراوە، کە(واتای ناوەوەی) هەمان گوتنە، چونکەئەو جیاوازییەی کەلەنێوان واتای ڕاستەوخۆ و واتای شاراوەدا هەیە، مایەی سەرنج بوو بۆ (گرایس)، (ناوبراو) ئەم دیاردەیەی وەك گرفتێك تەماشاکردو بەدوای چارەسەرێك گەڕا، تاکێشەی تێگەیشتنی نێوان نێرەرو گوێگری پێ چارەسەر بکات، کەخۆی لەچوار (بنەمای گفتوگۆکردن) دەبینییەوەو ناوی نان بنەماکانی هاریکاری(co-operative principle). (عەلی، تاڵیب حوسێن: 2019: 59).

لێکەوتەی ئاخاوتەیی پەیوەندی پتەوی هەیەبەئەرگۆمێنت لەگوتاری سیاسیدا کاتێك نێرەر بۆمەبەستی دیاریکراوی خۆی سود لەزمان وەردەگرێت و زۆرجار بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ واتایەکی شاراوەو نەوتراو بەکاریدەهێنێت( جلولي، العيد: 2011: 55).

1-3 جۆرەکانی لێکەوتەی ئاخاوتەیی:

لەهەڵێنجانی واتای لێکەوتەی ئاخاوتەییدا، پشت بەواتای لۆجیکی و دەوروبەری بەکارهێنانی گوتنێك دەبەسترێت، کەنێرەر یان لەڕێگەی واتای باو و فەرهەنگی گوتنێکەوە، یاخود بەپشت بەستن بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری بەمەبەستی بەخشینی واتایەکی دیکەبەگوتنکەی لێکەوتەی ئاخاوتەیی بەرهەم دەهێنێ. لەنێو جۆرەکانی لێکەوتەدا، سێ جۆری سەرەکی ئاماژەی پێکراوە، بەمشێوەیە:

1- لێکەوتەی ئاخاوتەیی نەریتی:

ئەو لێکەوتەیەگرنگی بەتێگەیشتنی واتای گونجاوی ئەو وشەیەدەدا، کەلەفەرهەنگی ئاخاوتندا هەیە. (عەلی، بەدرخان سلێمان: 2015: 58)، بۆیەئەم جۆرەی لێکەوتەپشت بەواتای ڕاستەوخۆو فەرهەنگی وشەکان دەبەستێت، چونکەلەلایەن نێرەرەوەبنەماکانی هاریکاری تێدا نابەزێندرێت و وەرگر کەمتر پێویستی بەدەوروبەری گوتن دەبێت بۆ لێکدانەوەی واتا.

2- لێکەوتەی ئاخاوتەیی نانەریتی:

ئەو لێکەوتەیەدورکەوتنەوەیەلەواتای ڕاستەوخۆو فەرهەنگی وشەکان و ئەو واتا باوەی کەلەهزر و لێکدانەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەو هاوبەشەکانی ئاخاوتندا جێگیرە.

3- لێکەوتەی ئاخاوتەیی تایبەتی:

ئەم لێکەوتەیەتایبەتەبەگوتن و لەدەوروبەری گوتنەوەواتاکەی هەڵدەهێنجرێ، چونکەبەبێ گەرانەوەبۆ دەوروبەری تایبەتی گوتنەکەو هەندێك هەڵێنجانی لۆجیکی نێوان هاوبەشەکانی ئاخاوتنەکە،ناگەین بە واتای مەبەست(عومەر مەحمود: 2009: 22).

4-1 بنەماکانی هاریکاری:

(گرایس) چوار بنەمای داناوەبۆ ئەوەی واتای ئاخاوتن و مەبەست لەگەڵ یەکتردا یەکسان بن،ئەمەش ئەستەمەبەتەواوەتی بێتەدی، چونکەئاخاوتن تێکەڵ بەهەندێ ڕەهەندی دیکەی دەرونی و کۆمەڵایەتی دەبێ، کە کاریگەری لەسەر ئاخاوتن دروست دەکەن، بۆیەئەم بنەمایانەی کەگرایس باسیان دەکا بەدەگمەن جێبەجێ دەبن(عەلی، بدرخان سلێمان: 2015: 65)، بنەمانکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

یەکەم: بنەمای چەندێتی:

مەبەست لە چەندێتی ئەو زانیارییانەیە، کەدەبێ نێرەر بیدات بەوەرگر، واتە((با گوتنەکەئەمەندەبێت لەبڕدا کەپێویستە، واتا نەزیاتر نەکەمتر)) (عەلی، بەکر عومەر: 2000: 92). زانیاری زیادەو درێژکردنەوەی تێدا بەکارنەهاتبێت. بۆ نمونە:

کورتهێنانی بودجەبۆچی؟

ئەم جۆرەپرسیارەی سەرەوە، لەڕوی چەندێتییەوەپێویستی بەڕونکردنەوەو وەڵامی ورد دەبێت، نێرەر، دوای وروژاندنی ئەم پرسیارە، ناچارە وەڵامێکی شیکەرەوە بداتە وەرگر .

دووەم: بنەمای چۆنییەتی:

پەیوەستەبەڕاستی و دروستی پەیامی نێرەرەوە، چونکەلەباری ئاساییدا وەرگر چاوەڕێی پەیامی ڕاست و دروست لەنێرەر دەکات، لەوکاتەدا پێویستەنێرەر بەڵگەو پاساوی لۆژیکی هەبێت بۆ سەلماندنی قسەکانی، کەواتەنێرەر دەبێ ڕاستگۆبێت: (شتێك نەڵێ کەپێبوایەڕاست نییە", هاوکات بەبێ بەڵگەو پاساو قسەنەکات و قسەکانی ڕون و گونجاو بن و زانیاری تەواویش بدەن بەدەستەوە). (Levinson:102:1983)

((ئەوکاتەلادان لەبنەمای چۆنیەتیدا ڕوودەدات، کەگومان لە قسەکردندا هەبێت و بەڵگەی نەبێت، ئەویش بەچەند شێوەیەك دروست دەبێت.کەبریتین لەتوانج، خواستن، ئاماژەپێکردن....هتد)) (سەبری، شێرزاد: 2013: 194)

سێیەم: بنەمای پەیوەندی:

بۆئەوەی کردەی تێگەیشتن بێتە ئاراوە، دەبێ نێرەر هەوڵبدات ڕەچاوی بارودۆخی قسەکردن بکات و ڕاشکاوانەو بێ خۆدزینەوەوەڵامی ئەو پرسیارانەبداتەوە،کەلەهزری بەرامبەردا دروست بون،ڕەنگەنێرەر لەبەر هەندێ هۆکار, لەپێناو بەرژەوەندی خۆی و حزبەکەی،پەنا بباتەبەر لادان لەبنەمای پەیوەندی و ئەو بنەمایەلەقسەکانیدا بەمەبەست بەزێنێ.

چوارەم: بنەمای شێواز:

نێرەر پێویستەگوتارەکەی ڕون و ئاشکرابێت و ڕێکخراوبێت، بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی پێشکەشکردنی گوتارەکەی، بەگشتی دوربکەوێتەوەلەلێڵی و تەمومژی واتایی . (عەلی، بدرخان سلێمان:2015: 65).

بەگشتی پابەندبون بەو بنەمایانەلەلایەن نێرەرەوەبەمانای سووربونی دێت لەسەر گەیاندنی مەبەست بەگوێگر و دروکەوتنەوەلەبەهەڵەدابردنیان، چونکەلادان لەبنەمای شێواز و پەنابردن بۆ ئەمجۆرەی لادان، وادەکات دەربڕینەکان زیاتر لەواتایەکیان هەبێت و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ بکرێت. (سەبری، شێرزاد: 2013: 198).

1-5 بەزاندنیبنەماکانی هاریکاری:

قسەپێکەرانی زمان لەنیوان یەکتردا هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجێکدەدەن، کەلێکتر تێگەیشتنە، ئەمەش بەپەیرەوکردنی (بنەماکانی هاریکاری) لەنیوانیاندا دێتەدی، لەگەڵ ئەوەشدا نێرەر بەهۆکار و مەبەستی جۆراوجۆری وەکو:( لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و دابونەریت،،،تاد) پەیوەست بەم بنەمایانەنابن، ئەم پەیوەست نەبونەش، کەبە یەکێك یان زیاتر لە(بنەماکانی هاریکاری) ئەنجامدەدرێت، پێی دەوترێت (لادان)، ئەمەش بەمانای پەیرەونەکردنی بنەماکانی هاریکاری دێت لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا، کەوەك ڕێگایەکەبۆ سپاردنی دەسەڵاتی سیاسی و فەرمانڕەوایی. (جەوهەر، یاسین و مەحمو، دڵشاد: 2018: 103)

1-6 جۆر و شێوازەکانی بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری :

-1بەزاندنی بنەمای چەندێتی:

- بنەمای (1): گوتنەکەزانیاری کەمتر لەپێویست بەخشێت: وەك پێویست هاوکاری وەرگر نەکرابێت و هەندێك زانیاری نەوترابێت کەگوێگر خوازیارەبیزانیت.
- بنەمای (2): گوتنەکەزانیاری زیاتر لەپێویست بەخشێت: واتەدرێژداڕی بکرێت و هەندیك زانیاری لاوەکی و ناپێویست بدرێت بەوەرگر.

-2بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی:

پەیوەندی بەدروستی و نادروستی زانیارییەکانەوەهەیە، چەند جۆرێك لەخۆدەگرێ ، (میتافۆر، توانج، ئاماژەکردن، زێدەڕۆیی و کەمکردنەوە، درۆکردن).

-3بەزاندنی بنەمای پەیوەندی:

ئەو وشانەی کەبۆ گوتنێك هەڵدەبژێردرێن، پەیوەندیان بەناوەڕۆکی بابەتەکەوەنییە، دەکرێ بەمەبەستی پێنەدانی زانیاری و شاردنەوەی لەوەرگر ئەم کارەئەنجام بدرێت.

-4بەزاندنی بنەمای شێواز:

ئەمجۆرەی بەزاندن زیاتر پەیوەستەبەڕونی و ئاشکرایی، یاخود تەم و مژی واتایی لەدەربڕین، بەومانایەی لادان لەبنەمای شێوازێکی ڕون و ئاشکرا بۆ شێوازێکی نائاشکرای واتایی لەلایەن نێرەرەوە. ( عەلی، شێرزاد سەبری: 2013: 198)

- بنەمای یەکەم: واتا ڕون و سنوردار نییە، بەڵکو بەهۆی دەوروبەرەوەدەستدەکەوێت.
- بنەمای دووەم: کاتێك بەهۆی (لێڵی) واتایی یان لێڵی سینتاکس و فەرهەنگییەوەدەربڕینێك پتر لەواتایەك هەڵبگرێ.
- بنەمای سێیەم(کورت بڕی): بەزاندنەکەلەکاتی درێژداڕی نێرەردا دەبێت.
- بەزاندنی بنەمای چوارەم (ڕێکوپێکی قسەکان): بەتایبەت ڕێکی واتایی و لۆجیکی دەربڕین دەگرێتەوە.

2. لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە:

2-1 بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری:

لەم بەشەدا هەوڵدراوەچەند نمونەیەکی لێکەوتەی ئاخاوتەیی لەگوتاری سیاسیدا بخەینەڕو، کەپەیوەستەبەلێکدانەوەو بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری، لەگەڵ ئەو مەبەستانەی کەلەگوتارەکاندا بەدیدەکرێن:

1- مام بەگەرموگوڕییەکی زۆرەوەبەشداری بانگەشەی هەڵبژاردنی یەکێتییەکەمانی دەکرد و بەورەیەکی پۆڵایینەوەوتەیەکی مێژوویی پێشکەشکرد، لەو وتەیەدا ڕستەیەکی مێژوویی وت، کەچەندین ساڵەسەداکەی تەواو نابێت و لەگوێچکەی یەکێتییەکاندا بەردەوام دەبیسترێتەوە، ڕستەکەگوزارشتەلەپتەوی یەکێتی، مام ڕون و ئاشکرا ڕاستییەکی وت، کەبەهیچ هێز و گروپ و لایەنێك ناگۆڕێت، مام گوتی سەفین لەبن دێ یەکێتی لەبن نایەت.

-بەزاندنی بنەمای چەندێتی- بنەمای دووەم

گوتنەکەوشەی زیادی تێدا بەکارهاتووەو درێژکراوەتەوە، بەتەنیا گوتنی (مام لەبانگەشەی هەڵبژاردندا وتەیەکی پێشکەشکرد) بەسەبۆ تێگەیشتنی گوێگر، بەڵام نێرەر بەمەبەستی پێکهێنانی باری ئەرگۆمێنتی بۆ گوتنەکەی، هەوڵی داوەکار لەسەر بزواندنی هەست و سۆزی وەرگر بکات، تا بتوانێت گروتین بەلایەنگرانی ئەم حزبەببەخشێ.

- بەزاندنی بنەمای پەیوەندی

نێرەر بابەتەکەی گۆڕیوەلە(لەبنهاتنی سەفین)هوەبۆ (لەبن نەهاتنی یەکێتی)، بۆیەئەم دەربڕینەئەوەی لێدەکەوێتەوە، کەیەکێتی تا ئەو ڕادەیەحزبێکی بەهێزە، کەهەرگیز کەس ناتوانێت لەناوی بنات. نیشاندانی بەهێزی یەکێتی بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی لایەنگرانی ئەو حزبە بەکارهێنراوە.

- بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی- زیادەڕۆیی

- دەربڕینی (چەندین ساڵەسەداکەی تەواو نابێت و لەگوێچکەی یەکێتییەکاندا بەردەوام دەبیسترێتەوە) بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی – زیادەڕۆیی تێدا ئەنجامدراوە، ئەوەی لێدەکەوێتەوە، کەلایەنگرانی یەکێتی بەردەوام ئەو گوتنەی مام جەلالیان لەبیرە، نێرەر بەمەبەستی کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی جەماوەر وەك پێکهێنانی بارێکی ئەرگۆمێنتی بۆ گوتنەکەی ئەم دەربڕینەی بەکارهیناوە.

2- سڵاو لەوشارەی کەلانکەی شۆڕشەکان و سەرهەڵدانەکانە، سڵاو لەپایتەختی ڕۆشنبیری، سڵاو لەو شارەی کەهەرگیز لەئاستی هیچ دوژمنێکدا سەر نەوی ناکا،

سڵاو لەو شارەی بوو بەلانکەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، هاوڵاتیانی شاری سلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانی سڵاوتان لێبێ.

-بەزاندنی بنەمای چەندێتی- بنەمای دووەم

گوتنی وشەی زیاد بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەری لەسەر لایەنگرانی یەکێتی، لەڕێگەی‌بزواندنی هەست و سۆزیانەوە، بۆ گەیشتن بەئامانجی سەرەکی و ئەنجام، کەبریتییەلەبەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەران لەپرۆسەی هەڵبژاردندا.

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی- میتافۆر

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی- ئاماژەپێکردن

هەریەك لە(پایتەختی ڕۆشنبیری)و(شاری هەڵمەت و قوربانی) ئاماژەن بۆ (شاری سلێمانی)، هاوکات دەربڕینی میتافۆرین، لێکەوتەی ئاخاوتەیی لەم گوتنەدا ئەوەیە، کەخەڵکی ئەم شارەلەهەمو شارەکانی دیکەی کوردستان ڕۆشنبیرترن، هەروەها قوربانی زیاتریان لەپێناوی کوردستان داوە، مەبەستی نێرەر لەبەزاندنەی بنەماکانی چۆنییەتی لەنمونەی سەرەوەدا، کاریگەرییەلەسەر هەست و سۆزی دانیشتوانی ئەم شارە، بۆ ئەوەی بگات بەئامانجی سەرەکی گوتارەکەی، ئەویش بەدەستهێنانی متمانەی هاوڵاتیانە.

3- تاکەهێز لەناو دڵی ئەم شارەدا بێت یەکێتی نیشتمانی کوردستانە.

بەزاندنی بنەمای پەیوەندی

بەکارهێنانی وشەی (دڵ) بۆ شار نابێت، لێکەوتەی ئاخاوتەیی ئەوەلەلای گوێگر بەرهەمهاتووە، کەهیچ هێزێك شان لەشانی یەکێتی نادات لەشاری سلێمانیدا، چونکەلەهەمو هێزەکانی دیکەخۆشەویستترەو ڕەگوڕیشەی باشتر لەم شارەدا داکوتاوە.

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی-ئاماژەپێکردن

(ئەم شارە) ئاماژەیەبۆ شاری سلێمانی، کەبەگەڕانەوەمان بۆ دەوروبەی ئاخاوتنەکەو دەقەئاماژەی پێشەوە، ڕوندەبێتەوەکەمەبەست لەشاری سلێمانییە.

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی- زێدەڕۆیی

نێرەر زێدەڕۆیی لەوەدا کردووەکاتێك بەڕەهایی‌بەجەماوەر دەڵێت: (تەنها هێزێك لەدڵی جەماوەری ئەم شارەدا هەبێت یەکێتی نیشتمانی کوردستانە)، بەمەش ویستوویەتی بارێکی ئەرگۆمینی لەڕێگەی جولاندنی هەست و سۆزی جەماوەری یەکێتییەوەدروستبکات.

4- گۆڕانکاری ئامانجێکی گرنگە، بەڵام بەدروشم و قسەتەواو نابێت، بەتەشهیر و ناوزڕاندن و سوکایەتیکردن بەیەکتری ناگەینەئەنجام.

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی- توانج

نێرەر بەم دەربڕینەتوانج لەو لایەنانەدەدات کەخاوەن دروشمی گەورەو کرداری بچوکن، هەروەها ئەوانەی خەریکی تۆمەت بەخشینەوەو ناوزڕاندنی یەکترن، هاوکات مەبەستی سەرەکی نێرەر بەراوردکردنی خۆیانەلەگەڵ نەیارەکانیان، تا بەجەماوەر بڵێت، ئێمەبەکردار گۆڕانکاری ئەنجام دەدەین نەك تەنها بەقسە، ئەمەشی کردووەبەپاساو بۆ کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی ئەوان.

5-هەڤاڵان زۆرکەس هاتوون، وەزۆر بەڵێنیان پێشکەش کردوون، بەڵێنی زۆر گەورەو بریقەدار، بەڵام بەڵێنی بێ کردار، بینیومانەقسەکانیان چ ئەنجامێکی هەبووە، بینیومانەبەڵێنەکانیان بۆ گۆڕانکاری، بۆ بەرەو دیموکراسی بون چ ئەنجامێکی هەبووە.

-بەزاندنی بنەمای چەندێتی- بنەمای دووەم

وشەی زۆرتری بەکارهێناوەلەوەی کەپێویستەبۆ گەیاندنی پەیامەکەی.

-بەزاندنی بنەمای شێواز- بنەمای یەکەم

دەربڕینی (هەڤاڵان زۆرکەس هاتوون، وەزۆر بەڵێنیان پێشکەش کردوون، بەڵێنی زۆر گەورەو بریقەدار) واتاکەی ڕون و سنوردار نییەلەلای گوێگر و دیارنییەئەم هەڤالانەکێن، وە ئەو بەڵێنەزۆرانەچین ، بەڵام وەگر بەگەڕانەوەبۆ دەوروبەر واتاکەی دەست دەکەوێت. مەبەستی نێرەر هەوڵدانەبۆ پوچەڵکردنەوەی پاساوەکانی ئەوان لەپرۆسەی هەڵبژاردندا.

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی- میتافۆر

(بریقەدار) بەکارناهێنرێتن بۆ بەڵێندان کەبونێکی بەرجەستەی نییە، بەڵکو بۆ کەرەستەیەك بەکاردەهێندرێت کەخاسیەتی درەوشانەوەی هەبێت، بۆیەئەم دەربڕینەئەوەی لێدەکەوێتەوە،کەنێرەر مەبەستی لە بەڵێنی سەرنجڕاکێش بێت بۆ هاوڵاتیان و قسەکردن بێت دەربارەی حەز و ئاواتەکانی ئەوان.

-بنەمای چۆنییەتی- توانج

مەبەستی نێرەر لەدەربڕینی (بینیومانەبەڵێنەکانیان بۆ گۆڕانکاری بۆ بەرەو دیموکراسی بون چ ئەنجامێکی هەبووە) توانجەلەحزبێکی دیاریکراو، بەو واتایەی ئەوان لەڕابردوودا چەندین بەڵێنی گەورەیان بەجەماوەر داوە، کەچی جێبەجێیان نەکردووە، ئەمەی بۆ لێدانی بەرژەوەندی ئەوان گوتووە.

6- لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا، لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا، خەڵکانێك هەبون فاتیحەیان بۆ پارتی دەخوێند. دەیانگوت نەخشەی سیاسی کوردستان دەگۆڕێت و پارتی جارێکیتر هێزی یەکەم نابێت، ئێوەلاوان و گەنجان و ژنان و ئافرەتان وهەمو خەڵکی کوردستان بۆ دوژمنانی کوردتان سەلماند پارتی پێشرەوەو بەپێشرەویش دەمینێتەوە.

-بەزاندنی بنەمای شێواز- بنەمای یەکەم

وشەی (خەڵکانێك هەبون فاتیحەیان بۆ پارتی دەخوێند) کەبەبێ گەڕانەوە بۆ دەوروبەری گوتن نازانرێت کێن، بۆیەجۆرێك لەناڕونی و تەمومژی واتایی دروستکردووە.

-بەزاندنی بنەمای پەیوەندی

لەڕوی پەیوەندییەوەبەیەکەوەهاتنی (فاتیحەخوێندن و پارتی) گونجاو نییە، چونکەفاتیحەبۆ ڕۆحی مردوو دەخوێندریت نەك پارتی، کەحزبێکەلەهەرێمی کوردستاندا، ئەم دەربڕینەلێکەوتەی ئەوەی لەلای گوێگر بەرهەمهێناوەکەنەیارەکانی ئەم حزبەبەدڵخۆشییەوەهیواخواز بون و تەنانەت بڕواشیان وابوو کەپارتی بەزویی لەناودەچێت.

7- ویستیان ئیرادەی ئێمەبشکێنن، کەرامەتی ئێمەبشکێنن، بۆیەئێمەش بڕیارماندا بمرین و نەهێلین نەکەرامەتی ئێمەبشکێ، نەئیرادەی ئێمەبشکێ.

-بەزاندنی بنەمای شێواز- بنەمای یەکەم

-بەزاندنی بنەمای پەیوەندی

دیارنییەنێرەر لەگوتنی (ویستیان ئیرادەی ئێمەبشکێنن)مەبەستی کام کەس و لایەنی سیاسییە، واتەتەمومژی واتایی تیدایە، هەروەها لەڕوی پەیوەندییەوەشکان بۆ (کەرامەت و ئیرادە) نابێت، نێرەر لەپێگەی دەسەڵات و بڕیارەوەقسەدەکات و بەم دەربڕینەی هەستی لایەنگرانی حزبەکەی دەبزوینیت و کاریگەری لەسەر هەست و سۆزیان دروست دەکات.

8- کەقەیرانی دارای ڕووی لەکوردستان کرد، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو ڕاینەکرد لەمەسئولییەت، هەندێ لایەنی تر کەزۆر قسەی گەورەیان ئەکرد لەسەر تەلەفزیۆن، ڕایانکرد لەمەسئولییەت، ئێمەیان بەجێهێشت لەناو حکومەتەکەیا.

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی- توانج

لێرەدا وەك توانجێك بۆ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن تۆمەتی ڕاکردن لەبەرپرسیارییەتی دراوەتەپاڵ هەندێك لایەن، باری ئەرگۆمێنتی ئەم دەربڕینەی سەرەوە، ڕانەکردنی یەکێتییە لەبەرپرسیارییەتیو ئەمەش کراوەبەپاساو بۆ ڕەواییدان بەحزبەکەیان، هاوکات لێدانی بەرژەوەندی نەیارەکانیان.

-بەزاندی بنەمای شێواز- بنەمای یەکەم

(هەنێ لایەنی تر کەزۆر قسەی گەورویان دەکرد) دەربڕینێکی ناڕونە لەڕوی واتاوە، چونکە بەبێ گەڕانەوەبۆ دەوروبەری گوتن نازانرێت مەبەست لەو کەس و لایەنانەکێن، کەوەك پاساوێك بۆ دروستکردنی متمانەلەلای جەماوەر بەڵێنی پێ بنەمایان دەدا.

9- بەداخەوەلەعێراقی نوێدا جاریکی تر هاوڵاتیان لەبەسرە، لەسەماوە، لەبەغداو موسڵ و ڕومادی، بەڵێ لەسلێمانی و هەولێریش نیگەرانن لەخراپی بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتەو نیگەرانن لەشەڕو گەندەڵی و پێشێلکردنی دەستوور و یاسا.

-بەزاندنی بنەمای چەندێتی-بنەمای دووەم

وشەی زۆرو ناپێویستی بەکارهێناوە، درێژدادڕی کردووە، لەبری تەواوی ئەم گوتنەی سەرەوە، دەکرا بوترێت: (بەداخەوەهاوڵاتیان لەسەرجەم شارەکانی عێراق نیگەرانن لەخراپی بەڕیوەبردنی ئەم وڵاتە)، یان بڵێت: (تێکڕای هاوڵاتیانی عێراق نیگەرانن لەبەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە).

10- بینیتان چۆن کۆنەمشکمان لێکردن بەقەیسەری، بینیتان چۆن مەشرق و مەغریبی سەرگۆی زەویمان کرد بۆ داکۆکیکردن لەشەرعیەتی پەرلەمانی کوردستان، بینیتان چۆن بەدەیان بەرپرسی دەستڕۆیشتووی گەندەڵمان دا بەدادگا، بینیتان چۆن ملیۆنان دۆلاری بەهەدەردراوی ئەم هەرێمەمان گێڕایەوە.

-بەزاندنی بنەمای پەیوەندی

نەبونی پەیوەندی لەنێوان (کۆنەمشك و قەیسەری) بەو بابەتەوەکەنێرەر لێی دواوە، ئەوەی لێدەکەویتەوەکەنێرەرو هاوەڵانی وەك ئەندامانی پێشووی پەڕلەمان لەحزبی یەکگرتووی ئیسلامی و بزوتنەوەی ئیسلامی، فشاری زۆریان خستۆتەسەر دەسەڵات،ئەم زانیارییانەشی وەك بەڵگەو پاساوی واقیعی بۆ خراپی دەسەڵات بەکارهێناوە.

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی- میتافۆر

لەم گوتنەدا (کۆنەمشکمان لێکردن بەقەیسەری) کەخۆی لەبنەڕەتدا پێچەوانەیە، کەبریتییەلە(قەیسەریمان لێکردن بەکۆنەمشك) بەکارهێنانێکی میتافۆرییە، لێکەوتەی ئاخاوتەییەکەی فشارخستنەسەر دەسەڵات و ئاشکراکردنی گەندەڵی و کەموکوڕییانەلەحوکمداری ئەوان.

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی- زیادەڕۆیی

نێرەر هەوڵی داوەلەڕێگەی بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی، شێوازی زیادەڕۆیی، ستایشی هەوڵ و ماندوبونی خۆیان بکات، هاوکات وەك‌پاساوێك بەکاریبهێنیت بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کەبەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەرانە لەپڕۆسەی هەڵبژاردندا، کەواتەئەو بەشەی دەربڕینەکەی کەبریتییەلە(بینیتان چۆن مەشرق و مەغریبی سەرگۆی زەویمان کرد بۆ داکۆکیکردن لەشەرعیەتی پەرلەمانی کوردستان) بەزیادەڕۆیی هەژماردەکرێت، ئەمەش بەئەرگۆمێنتی هەست و سۆز دادەنرێت.

11- لەکۆتاییا بەڕێزان ئەوەی ئیوەهەتانەکەس نییەتی.

-بەزاندنی بنەمای چەندێتی-بنەمای یەکەم

لەم گوتنەدا نێرەر بەڕادەی پێویست زانیاری بەوەرگر نەبەخشیووە، ئەمەش جۆرێك لەناڕۆنی و لێڵی واتایی دروستکردووە، باری ئەرگۆمێنتی ئەم گوتنەئەوەیە، کەنێرەر ستایشێکی نادیاری وەرگری کردووەبۆ جولاندنی هەست و سۆزی ئەوان و دانانی کاریگەری لەسەریان تا دەنگیان پێ بدەن.

-بەزاندنی بنەمای شێواز- بنەمای دووەم

(ئەوەی ئێوەهەتانەکەس نییەتی) دەربڕینێکی ناڕونەو لێڵی واتایی تێدایە، بەڵام بەگەڕانەوەبۆ دەوروبەری گوتنەکەمەبەستی نێرەر ستایشکردنێکی نادیاری جەماوەرەلەپێناو بەدەستهێنانی متمانەو کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی ئەوان.

12- ئەگەر ئەیانەوێ گۆڕانکاری بێ لەو سیستەمەسیاسییە،ئەبێ بچنە سەر سندوقی دەنگدان و بەدەنگدان بتوانن کەوا گۆڕانکاری بکەن لەو سیستەمەی، کەهەمومان پێمانوایەناتەندروستە.

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی- زیادەڕۆیی

زیادەڕۆیی کراوەلەوەی کەبەرەهایی لەجیاتی هەمو خەڵکی کوردستان قسەی کردووەو لەبەشێکی ئەم گوتنەدا وتراوە: (هەمومان پێمانوایەناتەندروستە)، بەومانایەی کەکەس ئەو سیستەمەسیاسییەی کوردستانی قبوڵ نییە، باری ئەرگۆمێنتی ئەم دەربڕینەش

ئەوەیەکەنێرەر (ناتەندروستبونی سیستەمی سیاسی) وەك پاساوێك بەکارهێناوەبۆ لێدانی بەرژەوەندی نەیارەکانیان.

13- بندیوارو فرەموچەو بەناياسايی خانەنشینکراو و بچووکەکانی بەرامبەر بێگانەو داپلۆسێنەرانی خوێپیشاندەران، پێتان رادەگەیەنین پێتان رادەگەیەنین کەئێمەبەرەو ئیسلاح تێدەکۆشین.

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی- میتافۆر

بەزاندنی بنەمای چۆنییەتییە، چونکە(بندیوار) بەمانای فەرهەنگی خۆی بەکارنەهاتووە، بەڵکو نێرەر مەبەستی لە(بندیوار)، ئەو کەسانەن کەلەلایەن دەسەڵاتەوەموچەیەکی بێ بەرامبەر وەردەگرن. ئەمەشی وەك پاساوێك بەکارهێناوەبۆ گەیشتن بەو مەبەستەی کەلێدانی بەرژەوەندی نەیارەکانیانەلەهەڵمەتی هەڵبژاردن وەك باری ئەرگۆمێنتی گوتارەکەی.

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی- توانج

نێرەر لەو بەشەی گوتارەکەیدا کەدەڵێ: (بچووکەکانی بەرامبەر بێگانەو داپلۆسێنەرانی خوێپیشاندەران)، توانج لەحزبەکانی دەسەڵات دەدات، ئەوەی لێدەکەوێتەوەکەبەڕوای نێرەر حزبەکانی دەسەلات بەرامبەر ئێمەئازاو گەورەن، کەچی لەبەرامبەر دوژمنانی گەل بچوکن.

14- کەسانێك نەتوانن کێشەی ناوخۆیان چارەسەر کەن هەر ڕۆژی باڵێك و کێشەیەکیان هەبێ، چۆن دەتوانن کێشەی کوردستان چارەسەر کەن؟

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی -کەمکردنەوە

لەم گوتنەی سەرەوەدا لەلایەن نێرەرەوەهەوڵدراوەکار لەسەر بچوکردنەوەی بەهای بەڵێن و قسەکانی حزبێکی نەیار بکرێتەوە، هەربۆیەگوتنەکەئەوەی لێدەکەوێتەوە،کەناکرێ بڕوا بەبەڵێنەکانیان بکرێت، ئەمەش وەك پاساوێکی لۆژیکی نیشاندراوەو بارێکی ئەرگۆمێنتی دروستکردووە، بەمەبەستی نیشاندانی لاوازی و کەمتوانای ئەوان.

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی- توانج

- نێرەر توانجی لەیەکێتی داوەو بەگاڵتەوەباس لەدۆخی ناوخۆی یەکێتی دەکات, ئەمەش کراوەبەپاساو بۆ لەباربردنی متمانەی هاوڵاتیان بەم حزبەکەیەکێتی نیشتمانی کوردستانە.

15- داوا ئەکەین لەخەڵکی بەشەرەفی کوردستان، کەئەو لیستە،ئەو شێرەپیاوانە،ئەو شێرەژنانە،ئینشالڵا بکەنەنوێنەری خۆیان و متمانەی خۆیانیان پێببەخشێ.

-بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی- ئاماژەپێکردن

لەنمونەی (59)دا، خاسیەتی بەهێزی شێر دراوەتەپاڵ پاڵێوراوانی لیستەکەیان لەهەردوو ڕەگەزی (نێرو مێ)دا، ئەم لێکچواندنەی پاڵێوراو بەشێر، کەخاوەن بوێری و چاونەترسییە، لەپێناو دروستکردنی بارێکی ئەرگۆمێنتییە و کاریگەریسۆزداریی هێناوەتەئارا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی دەنگدەران،

16- یەك خەونم هەیەلەسیاسەت، ئەویش ئەوەیەکەخەڵك ژیانێکی هەبێ لەڕوی مادیی و لەڕوی خۆشگوزەرانییەوەلەمن خۆشتر بژیێ، حەزدەکەم منالەکانی ئێوەلەمنالەکانی من خۆشتر بژین، ژیانی منالەکانی ئێوەهیچیان کەمتر نییەلەژیانی بەرپرسان و حەتا ژیانی ئێمۆمانان.

-بەزاندنی بنەمای چەندێتی: زێدەڕۆیی

لەتەواوی ئەم دەربڕینەی سەرەوەدا زیادەڕۆیی کراوە، چونکەجێگای باوەڕپێکردن نییە، سیاسەتمەدارێك بەو ڕادەیەخۆنەویست بێت، حەزبکات منداڵی خەڵکی ژیان و گوزەرانیان لەمنداڵەکانی خۆی باشتر بێت و باشتر بژین. ئەم گوتنەکەهەوڵدانیکەبۆ جولاندنی هەست و سۆز و بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر.

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی- میتافۆر

نێرەر وشەی خەونی لەبری (هیواو و ئاوات) بەکارهێناوە، ئەوەی لێدەکەوێتەوە،کەنێرەر یەك ئاواتی سەرەکی هەیەئەویش خواستی بینینی ئەو ڕۆژەیە، کەهاونیشتمانیانی هەرێمی کوردستان لەڕوی خۆشگوزەرانییەوە بگەن بەئاستێك، کەژیانیان لەخودی خۆی کەکەسی یەکەمی حزبەکەو سەرمایەدارێکی گەورەی ئەم هەرێمەیەباشتر لێبێت.

17- پێشمەرگەو مامۆستاو فەرمانبەروکاسبکارو جوتیار و گەنج و پیرو قوتابی و بیرمەند و نووسەرو ڕۆشنبیران، سڵاوی خوای گەورەتان لێبێ.

-بەزاندنی بنەمای چەندێتی- بنەمای دووەم

لەم گوتەیەدا، نێرەر بنەمای چەندێتی بەزاندووە، چونکەنێرەر دەیتوانی بەتەنیا بڵێ: (جەماوەری خۆشەویستی کوردستان سڵاوی خواتان لێبی)، ئەوەی لێدەکەوێتەوەلەلای وەرگر، کەنێرەر هەمو توێژەکانی لەبیرەو لەخەمی هەموانداپەبەبێ جیاوازی.

18- دادپەروەری هاوپەیمانی هێزی ئێوەیەدەنگی ئێوەیە، ئیرادەی ئێوەیە، چەتری بێ جیاوازی کۆکردنەوەی هەموتانەبۆ گۆڕینی واقعی زوڵم و بێدادی ئێستاو دەستەبەرکردنی سبەینێیەکی ڕونترو باشتر.

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی – میتافۆر

-بەزاندنی بنەمای چەندێتی- بنەمای دووەم

لەم نمونەیەدا هەردوو بنەمای چۆنییەتی و چەندێتی بەزێندراوە، دەکرا بڵێت:( داتپەروەری و هاوپەیمانی هێز و دەنگ و ئیرادەی ئێوەیە)، (ئێوە) وەك جێناوی کەسی سەربەخۆ چەند جارێك دووبارەکراوەتەوە، ئەگەرچی نێرەر بۆ بایەخدان بە(ئێوە) ، کەجەماوەرە، دووبارەکردنەوەی بۆ دروستکردنی بارێکی ئەرگۆمێنتی ئەم گوتنەبەکارهێناوە، تا هەستی بایەخپێدانیان لەلا دروست بکات. هاوکات (چەتر و سبەینێیەکی ڕونتر) دەربڕینی میتافۆرین.

19- لێرەوەڕوو دەکەینەهاوڵاتیان ، ڕوو دەکەینەهاوڵاتیانی موسڵمان و ئێزیدی و کرستیان و کاکەییەکان و پێکهاتەئاینی و مەزهەبییەکانی تری ئەم نیشتمانە، لەدهۆکی

دەلال, لەکەرکوکی بەرخودان، هەولێری قەڵاو منارە، سلێمانی هەڵمەت و قوربانی و..... ناوچەکانی تری کوردستان.

-بەزاندنی بنەمای چەندێتی- بنەمای دووەم

وشەی زیاد بەکارهاتووەو درێژکراوەتەوە، دەکرا ئەم گوتنە وشەی زۆر کەمتری بۆ بەکاربهێنرێت، ئەوکات کاریگەری لەسەر وەرگر کەمتر دەبوو، ئەمەش وای کردووە وەرگر وەك باری ئەرگۆمینتی و بایەخپێدان و ڕێزگرتن گوتار گوتنەکەی بەمشێوەیە درێژبکاتەوە.

20- ئەوەئەوانن هەلی کاریان نەهێشتووەو خەڵکیان ناچارکردووەلەپێناوی سیخوڕی بۆ ئەوان و چەك هەڵگرتن بۆ پاراستنی ئەوان موچەیێکی دزراوی بدەنێ و بێدەنگی بکەن بیکەنەسەر خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی ئیرادەی بکرن.

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی-ئاماژەپێکردن

-(موچەیێکی دزراو) ئاماژەیە بۆ ئەو پارەیەی کەدەسەڵات لەڕێگەی پاشەکەوت و لێبڕین و نەدانی موچەبەفەرمانبەرانی هەرێمەوەکۆیکردۆتەوە، ئەمەش بەگەڕانەوەمان بۆ دەوروبەری ئاخاوتنەکەڕوندەبێتەوە، بەگشتی نمونەی (64) لێکەوتەی ئاخاوتەییەکەی ئەوەیە، کەدەسەڵات ئەو پارەیەی کەمافی فەرمانبەرانەبۆ پارستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان خەرجی دەکەن، هەروەها دەربڕینی (ئەوەئەوانن) ئاماژەیەبۆ دەسەڵات و حوکمڕانی هەرێم.

-بەزاندنی بنەمای پەیوەندی

وەك ئاشکرایەکرداری (کڕین) بۆ ئیرادەنابێت، بۆیەبەیەکەوەهاتنیان بەزاندنی بنەمای پەیوەندییە، نێرەر هەوڵیداوەلەڕێگەی دەربڕینی ( ئیرادەی بکڕن)هوە، لێکەوتەی ئاخاوتەیی ئەوەلەلای گوێگر بەرهەمبهێنێ، کەدەسەڵات سامانی وڵات بۆ لەباربردنی ئیرادەیان بەکاردەهێنیت.

-بەگشتی لەنمونەی (64)دا، نێرەر بەبەکارهێنانی بەڵگەی لۆژیکی کەلێبڕینی موچەیە، دەیەوێت لەڕێگەی نەهێشتنی متمانەی جەماوەر بەحزبەکانی دەسەڵات، متمانەیەك بۆ حزبەکەی خۆیان لەلایەن جەماوەرەوەدەستەبەر بکەن.

21- باسی ناو ماڵی کوردی و یەکریزی زۆر دەکرێ بەڵێ وابزانم هەموتان ئەو شایەتیەمان بۆ دەدەن هەرچی لەتوانامانداا بووەکردوومانەبۆ ئەوەی ناوماڵی کورد ڕێکبێت، یەکریزی خۆمان بپارێزین، بەڵام ئەوەدەبێ هەمو لایەنەکان هاوکاربن، بەیەك لایەن تەنها ناکریت.

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی- ئاماژە

(ناوماڵی کوردی) ئاماژەیەبۆ دۆخی پەیوەندی نێوان حزبەکوردییەکان لەهەرێمی کوردستاندا، کەلەڕێگەی دەوروبەرەوەئەوەڕوندەبێتەوە, کەمەبەست لەوشەی (ناوماڵ) واتای فەرهەنگی وشەکەنییە.

22- ئێمەپێمانوایە، کەبەهیچ شێوەیەك خیلافی دەستور هەنگاومان نەناوە، لەدەستوردا هاتووە(( كان الالتزام بهذا الدستور يحفظ للعراق اتحاده الحر))، وەئەگەر دەستور جێبەجێ بکرایەپەنامان بۆ ڕیفراندۆم نەدەبرد، بەڵام هەمو دەرگایەکیان قەپات کرد.

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی – میتافۆر

(هەمو دەرگایەکیان داخست)، لێکەوتەی ئاخاوتەییەکەی ئەوەیەکەهیچ ڕێگایەکی دیکەلەبەردەم کورددا نەماوەتەوەتا پەنای بۆ ببەن، تەنانەت حکومەتی عێراقی پێشێلی دەستوریشی کردووە، چونکەلەدەستوردا هاتووە(( كان الالتزام بهذا الدستور يحفظ للعراق اتحاده الحر))، کەئەمەش بەڵگەیەکی لۆژیکییەپاساوێکی ڕەوایەبۆ مافی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەلایەن کوردەوەلەکاتی خۆیدا، ئەمەش باری ئەرگۆمێنتی ئەم گوتنەیە، هاوکات (قەپاتکردنی دەرگا)، بەکارهێنانیکی خوازەییە، چونکەمەبەستی داخستنی دەرگا نییەوەك واتای فەرهەنگی وشەکان.

23- لێرەوەئەمەوێت دڵنیاتان کەمەوەهاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی کاك نەوشیروان هاوبیرو گۆرانخوازان نەك خەونی لاوازبونی گۆڕان و دوا پڕۆژەی نەوشیروان مستەفا لەگۆڕدەنێین، بەڵکو بەیەك دەست و بەیەك تیم ئەم بزوتنەوەیەدەگەیەنینەئامانج و ڕۆحی کاك نەوشیروان ئاسودەدەکەین .

-بەزاندنی بنەمای چۆنیەتی- میتافۆر

لێرەدا بنەمای چۆنییەتی بەزاندووەو میتافۆری بەکارهێناوە(خەونی لاوازبونی گۆڕان و دوا پڕۆژەی نەوشیروان مستەفا ناکرێت لەگۆڕبنرێن)، بەڵکو مەبەستی نێرەر لەم دەربڕینەدا ئەوەی لێدەکەوێتەوە، کەگۆڕانخوازان بەیەك تیم و یەك دەست کاردەکەن بۆ لەباربردنی ئەو ئاواتەی کەحزبەکانی دەسەڵات هەیانە.

24- شەوی 17 مانگ لەسەر 18 ی مانگ، مانگی دوانزەی 2012 ه، ئاگادار نەبووم، تەلەفۆنەکەم داخرابوو، جەرەسی ماڵەکەم هەر لێی ئەداو هەر لێی ئەدا، کاتژمێر دەوری یەکی بەیانی بوو، حەمەی پاسەوانم لەدەرگای دا، کەدەرگاکەم کردەوەوتی پەلەیەتەلەفۆنیك بۆ دایکت بکەخەبەرێکی ناخۆشمان هەیە، تەلەفۆنم لەگەل دایکم کرد پێی وتم مام جەڵتەی لێداوە، پێی وتم کەجدی بوو، ئەو شەوەعێراق جەڵتەی لێدا ! ئەو شەوەکوردستان جەلتەی لێدا ! ئەو شەوەیەکێتی جەڵتەی لێدا ! .

-بەزاندنی بنەمای چەندێتی- بنەمای دووەم

لەم گوتنەی سەرەوەدا بنەمای چەندێتی بەزێندراوە، بەپێدانی زانیاری ناپێویست و درێژکردنەوەی ، لەکاتێکدا دەکرا بەدەربڕینێکی کورتتر پەیامی خۆی بۆ وەرگر بگوازیتەوە، بەڵام مەبەستی نێرەر لەدووبارەکردنەوەدرێژدادڕی لەنمونەی (68)، جولاندنی هەست و سۆزی وەرگرە.

-بەزاندنی بنەمای پەیوەندی

نەبونی پەیوەندی لەنێوان (عێراق ، کوردستان ، یەکێتی) بەجەڵتەلێدانەوە، ئەوەی لێدەکەویتەوە لەلای وەرگر،لەدوای نەمانی مام جەلالەوە، پڕۆسەی سیاسی لەعێراق و کوردستان و تەنانەت لەناو خودی یەکێتیشدا شکستی هێناوە و دوچاری گرفتی زۆر

گەورەبووەتەوە، کەئەمەی وەك پاساوێك بەکارهێناوەو ناکرێت بەبەڵگەی لۆژیکی هەژماربکرێت، چونکەڕەنگەهۆکاری دیکەو سەرنج و بیروڕای زۆری تر لەسەر ئەم بابەتەهەبێت.

25- پارتی ئەیەوێت سلێمانی و گەرمیان و هەڵەبجەو دەڤەری ڕاپەرین ئاوەدان و سەقامگیربێت ، بازارەکەی باش بێت نەك بەدەست کێخواییەوەبناڵێنێت، نەك بەدەست قۆرغکاری ئەم لایەن و ئەو لایەن و بەم باڵ و ئەم حزبەوەبناڵێنێت.

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی – تواناێ

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی- ئاماژەپێکردن

لەنموونەی (25)دا، بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی- توانجی تێدایە، نێرەر توانج لەحزبی نەیاری دەدات و خاسییەتی کێخوایەتی دەداتەپاڵ، ئەمەش جۆرێکەلەئاماژەکردن بەیەکێتی وەك حزبی ژمارەیەك لەم دەڤەرانە، مەبەستێتی بڵێ ئەوان حزبێکی خۆسەپێنن لەو دەڤەرەی کەتیایدا باڵادەستن و قۆرغکاری دەکەن، هەروەها بەراوردێك لەنێوان خۆیان و ئەو حزبەدەکات، ئەمەشی وەك بارێکی ئەرگۆمێنتی لەگوتارەکەیدا بەکارهێناوەو خواستی پارتی بۆ ئاوەدانی و سەقامگیری لەسلێمانی و گەرمیان و هەڵەبجەو دەڤەری ڕاپەڕینی کردووەبەپاساو بۆ ڕاکێشانی سەرنجی دەنگدەر لەم ناوچانەتا دەنگ بەپارتی بدەن لەهەڵبژاردندا. دەسەڵات.

26- هێزی پارتی لەپشتگیری خەڵکی ڕەشوڕووت و سادەی کوردستانەوەهاتووە، پارتی پارتی واتەپێشمەرگە، پێشمەرگەش واتا لاوانی گیان لەسەر دەست، کەزۆرترین قوربانیان بۆ سەرکەوتنی بەرنامەی پارتی و ئامانجی پارتی داوە.

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی- ئاماژەپێکردن

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی- میتافۆر

(خەڵکی ڕەشوڕووت) ئاماژەیەبۆ خەڵکی هەژار، هاوکات دەربڕینێکی خوازەییەو لێکەوتەی ئەم دەربڕینەئەوەیەکەخەڵکی هەژاری ئەم وڵاتەسەرچاوەی دروستبون و بەردەوامبونی پارتین لەخەباتدا، (پارتیش واتا پێشمەرگە) ئاماژەیەبۆ بوێری و ئازایەتی ئەم حزبە، هەروەها لەبەشێکی دیکەی ئەم گوتنەدا پێشمەرگەی بە(لاوانی گیان لەسەردەست) وەسفکردووە، کەدەربڕینێکی میتافۆرییەو لەبری (ئازا و بوێر) بەکارهاتووە، مەبەستی نێرەر ئەوەیەبڵێت: پێشمەرگەهەردەم بۆ مەرگ ئامادەیەو گیانی خۆی دەبەخشێ لەم ڕێگایە.

-باری ئەرگۆمێنتی لەنموونەی (70)دا ئەوەیەکەبەڵگەی لۆژیکی سەرکەوتنی پارتی بریتییەلەپشتگیری خەڵکی هەژاری ئەم وڵاتەلە بەرنامەی پارتی.

27- الحمدالله وصلی الله وبارك علی رسول الله ، زۆر خۆشحاڵم کەبەدیدارتان شاد دەبم خوشکان و برایان بەڕێشسپی و بەکامل و بەگەنج و بەمنداڵەوەلەشاری کوردپەروەرو ئیسلامپەروەری چەمچەماڵ، پایتەختی ئەنفالکراو و شەهیدان وەناوچەکانی دەوروبەری هەمو لایەکتان بەخێربێن خوا پاداشتتان بداتەوە، کەهاتوون بۆ پشتگیری کردنی وەسەرخستنی ئەو کارو پرۆژەیەی کەکۆمەڵی ئیسلامی خستویەتیەسەرشانی.

-بەزاندنی بنەمای چەندیتی – بنەمای دووەم

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی- ئاماژەپێکرددن

-بەزاندنی بنەمای پەیوەندی

بەزاندنی بنەمای پەیوەندی تێدایە، نێرەر هەندێ وشەو زانیاری زیاد و ناپێویستی داوە، دەکرا بڵێ: ( بەدیدارتان شاد دەبم جەماوەری کوردپەروەرو ئیسلامپەروەری چەمچەماڵ). هەروەها (پایتەختی ئەنفالکراو و شەهیدان) دەربڕینێکی خوازەییە، لەهەمان کاتدا ئەم دەربرینە ئەوەی لێدەکەویتەوە،کەچەمچەماڵ لەناوچەکانی دیکەی کوردستان زۆرتر خەڵکی ئەنفال و شەهیدە، نێرەر ئەم کارەی بۆ جولاندندنی هەستی جەماوەرەکەئەنجامداوە، هەروەها (خستنەسەرشانی پرۆژە) بەزاندنی بنەمای پەیوەندییە، چونکەپرۆژەدەخریتەبواری جێبەجێکردنەوە.

28- چەندمان بینین بەخەڵکیان گوت دەنگمان پێبدەن لەگەڵمان بن خەڵك دەنگیان پێدان و لەگەڵیان بون، گوتیان واتان بۆ دەکەین واتان بۆ دەکەین کەچی ئەوەی کەکردیان تەنیا بۆ بنەماڵەو خزم و حزب کردیان خەڵك و خوایان لەبیر نەبوو.

-بەزاندنی بنەمای شێواز- بنەمای یەکەم

تەواوی گوتنەکەتەمومژاوییەو واتاکەی ڕون و سنوردار نییە، بەگەڕانەوەبۆ دەوروبەری گوتن ڕوندەبێتەوەکەمەبەستی نێرەر لەو کەسانەکێن، کەبەقسەی ناوبراو بێت خاوەن بەڵێنی خۆیان نەبون، باری ئەرگۆمێنتی ئەم دەربڕینەش لێدانی بەرژەوەندی نەیارەکانیانە .

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی – توانج

نێرەر بەتوانجەوەباس لەو قسەو بەڵێنانەدەکات کەلەهەڵبژاردنەکانی پێشوو بەشێك لەحزبەنەیارەکانیان بەجەماوەریان دابوو، بەمەش دەیەوێت ئەزمونکردنی حوکمڕانی ئەو حزبانەی لەدەسەڵاتدابون لەهەرێمی کوردستان وەك بەڵگەیەکی لۆژیکی بەبیری جەماوەر بهێنێتەوە.

29- ئومێدمان وایەکەبەم هەڵبژاردنەئەو کەسانەی یا ئەو لایەنانەی کەنەیانتوانیبووەکو پێویست بەرپرسیاریەتی دەسەڵاتداری و حوکمڕانی بەجێبهێنن، لابدرێن وەکەسی لێهاتوو و کەسی شیاو، کەسی دڵسۆز و خەمخۆر تاقیبکرێنەوەئەمجارە.

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی – ئاماژەپێکردن

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی – توانج

(ئەو کەسانەی یا ئەو لایەنانە) ئاماژەکردنەبۆ هەردوو حزبی دەسەڵات، کەناویان نەهاتووەلەگوتنەکەدا، بەڵام بەگەڕانەوەی وەرگر بۆ دەوروبەری ئاخاوتنەکەو لێکدانەوەی بارودۆخی پێشکەشکردنی گوتارەکە مەبەستی نێرەری بۆ ڕوندەبێتەوە، دواتر داوای لابردنی ئەوان دەکات لەحوکمڕانی لەڕێگەی دەنگی جەماوەرەوە، پاساویشی بۆ ئەم داواکارییەئەوەیە، (کەسی شیاو و کەسی دڵسۆز و خەمخۆر) لەشوێنی ئەندام پەرلەمانی دوو حزبی دەسەڵات، متانەی دەنگدەر بەدەستبهێنن.

30-بزوتنەوەی گۆران بەرپەستێکی گەروەیەلەبەردەم زوڵم و ستەمکاریدا، ئەرکی هەموانەئەم بەربەستەبەهێزترو تۆکمەتر کەین بەئاراستەی گۆرانکاری لەسیستەمی گشتی حوکمڕانیدا، جیاواز لەو هێزانەی دەستیان رەش و پیس بووەبەپارەی میللەت.

-بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی – میتافۆر

(دەستیان ڕەش و پیس بووەبەپارەی میللەت)، ئەمەدەربڕینێکی میتافۆرییەو ئەوەی لێدەکەوێتەوەلای گوێگر، کەپارەو سەروەتی ئەم هەرێمەلەلایەن دەسەڵاتەوەگەندەڵی تێدادەکرێت و میللەتی لێ بێبەش دەکرێت

31-لێرەوەئەمەوێ سڵاو بۆ یەك بەیەکی هاوڵاتیانی کوردستان بنێرم، لەهەرجێیەکی کوردستانن، لەزاخۆو لەدهۆك و بادینانەوەبۆ هەولێری قەڵاومنارە، لێرەلەسلێمانی خۆشەویست و لەپشدەرو گەرمیان و بۆ پارێزگای هەڵەبجەو بۆ کەرکوکی بێ ناز، سڵاو لەهەمو لایەك لەهەمو جێیەکی کوردستان.

-بەزاندنی بنەمای چەندێتی- بنەمای دووەم

نێرەر چەندین وشەی زیاد و ناپێویستی بەکارهێناوە، ئەمەش بەزاندنی بنەمای چەندێتییە،

-بەزاندنی بنەمای پەیوەندی

هاتنی ئاوەڵناوی (بێناز) لەپاڵ ناوی (کەرکوك)دا،بەزاندنی بنەمای پەیوەندییەلەلایەن نێرەر، چونکە(بێناز) لەگەڵ وشەیەکدا دێت، کەخاوەن سیمای واتایی زیندوو بێت. باری ئەرگۆمێنتی لەهەردوو بەزاندنەکەدا بریتییەلەهەوڵدان بۆ جولاندنی هەست و سۆزی جەماوەر لەپێناو بەدەستهێنانی دەنگی متمانەو دەنگی ئەوان لەهەڵبژاردندا.


2-2 باری ئەرگۆمێنتی لەبەزاندنی بنەماکانی هاریکاریدا

لەشێوازی دارشتنی گوتاری سیاسی تایبەت بەهەڵبژاردنەکان، کەمەبەستی سەرەکی لەئامادەو پێشکەشکردنیان لەهەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، بەدەستهێنانی متمانە و دەنگی جەماوەرە، بۆیەهەوڵدەدرێت زۆرترین کاریگەری لەسەر جەماوەری دەنگدەر دروست بکرێت، ئەویش لەرێگەی پشت بەستن بەئەرگۆمێنتی گونجاوەوە، کەهۆکارەبۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەرو رازیکردنیان، بۆ ئەم مەبەستەش نێرەر پەنای بردووەبۆ بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری لەدارشتنی گوتارەکەیدا، بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی گشتی پەیوەندیکردنەکە، تا لەرێگەی لێکەوتەی ئاخاوتەییەوەباری ئەرگۆمێنتی بۆ گوتارەکەی فەراهەم بکات.


بەمەبەستی دیاریکردنی بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری و باری ئەرگۆمێنتی گوتارەسیاسییەکانی تایبەت بەهەڵبژاردنی(خولی پێنجەمی) پەرلەمان لە باشوری کوردستان بۆ ساڵی 2018، سود لە(31)ی نمونەی بەهەرەمەکی دەستنیشانکراو وەرگیراوە، کەتیایدا نێرەر زۆرترین بەزاندنی تیادا ئەنجامداوە، کەلەم توێژینەوەیەدا ئاماژەبە(58) بەزاندنیان کراوە، بەم شێوەی خوارەوە:

3-2 زانیاری بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری

لەگرافی ژمارە(1)دا، جۆر و ژمارەی ئەو بەزاندنانەی کەلەلایەن نێرەروەلەکۆی ئەو نمونانەی لەم بەشەدا کاری لەسەر کراوە خراونەتەرو،کەژمارەیان (58) بەزاندنە، دواتر لەچارتی ژمارە(1)یشدا، ڕێژەی سەدی هەریەك لەجۆری بەزاندنەکان بەجیا دەستنیشانکراوە:




گرافی (1) ژمارەی بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری





چارتی (1) ڕێژەی سەدی بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری

**1-3-2**بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی:


لەکۆی سەرجەم ئەو نمونانەی کەبۆ لێکەوتەیی ئاخاوتەیی بەشێوەی هەرەمەکی دەستنیشانکراون،(57) بەزاندنیان لەلایەن نێرەروەتیدا ئەنجامدراوە، کە(31) دانەیان لەجۆری بەزاندانی بنەمای چۆنیەتین، کەدەکاتە53% ی سەرجەم بەزاندنەکان، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر بەرزە بەبەراورد لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی بەزاندندا، هۆکارەکەشی دەگەرێتەوەبۆ ئەوەی زۆرینەی رەهای ئەو نمونانەی بەزاندنی بنەمای چۆنییەتیان تیادا ئەنجام دراوە، مەبەستی نێرەر دروستکردنیکاریگەرییەلەسەر هەست و سۆزی

جەماوەر وەك باری ئەرگۆمێنتی لەگوتارەکاندا، ئەمەش ڕێگایەکی کاریگەرەبۆ ڕازیکرنی جەماوەر، کەلەگرافی (2) دا ژمارەی هەریەك لەجۆرەکانی بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی




نیشاندراون:


گرافی (2) بەزاندنی بنەماکانی چۆنییەتی




گرافی (3) بەزاندنی بنەمای چەندێتی

2-3-2بەزاندنی بنەمای چەندێتی:

لەکۆی سەرجەم بەزاندنەکاند (11) دانەیان، کەدەکاتە(21%)ی کۆی بەزاندنەکان، برتیین لە بەزاندنی بنەمای چەندێتی، کەلێکەوتەی ئاخاوتەیەکەی بەپشت بەستن بەبەڵگەو پاساوی گونجاوەوەمەبەستی ئەرگۆمێنتی تێدایە، وەك لەگرافی ژمارە(3)دا نیشاندراوە:





**2-3-3**بەزاندنی بنەمای پەیوەندی:

لەگرافی ژمارە(4)دا، سەرجەم بەکارهێنانەکانی بەزاندنی بنەمای پەیوەندی کەلەنمونەکاندا دەستنیشانکراون خراونەتەڕو، کەژمارەیان (9)دانەیەو، یەکسانەبە(16%) ی کۆی بەزاندنەکان:

**2-3-4-**بەزاندنی بنەمای شێواز:

لەکۆی نمونەکاندا بەزاندنی بنەمای شێواز بەتەنها ڕێژی (10%)ی لەبەزاندنەکانی بنەمای





هاریکاری پێکهێناوە، وەك لەگرافی (5)دا هاتووە:

گرافی (5) بەزاندنی بنەمای شێواز

4-2 باری ئەرگۆمێنتی بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری:

لەچارتی ژمارە(2)دا ڕێژەی سەدی باری ئەرگۆمێنتی و جۆرەکانی لەگوتاری سیاسی تایبەت بەهەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان خراونەتەڕو، کەبەکارهێنانی هەست و سۆزی جەماوەر لەلایەن نێرەرەوەلەریزی یەکەمدا هاتووە، بەجۆرێك (64%)ی کۆی باری ئەرگۆمێنتی پێکدەهێنێت لەبەزاندنی بنەماکانی هاریکاری سەرجەم ئەو نمونانەی کەلەگوتارەسیاسییەکانی تایبەت بەلێکەوتەی ئاخاوتەیی بەشێوەی هەڕەمەکی وەرگیراون.

چارتی (2) باری ئەرگۆمێنتی بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری



ئەنجام:

1- لێکەوتەی ئاخاوتەیی وەك بابەتێکی گرنگی لێکدانەوەی پراگماتیکی پەیوەست بەباروددۆخ و دەوروبەری گوتنەوە، بەوەی کەزۆرترین باری ئەرگۆمێنتی لەگوتاری سیاسیدا دەستەبەرکراوە.

2- زۆرترین باری ئەرگۆمێنتی لەگوتارەکاندا لەرێگەی جولاندنی هەست و سۆزی وەرگرەوەدەستەبەرکراوە.

3- بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی لەهەمو جۆرەکانی دیکەی بەزاندن زیاتر پشتی پێ بەستراوەبۆ سەرنجراکێشانی دەنگدەر.

4- بەکارهێنانی میتافۆرو وەك یەکێك لەبەزاندنەکانی بنەمای چۆنییەتی لەلایەن نێرەری گوتارەسیاسییەکانەوە، باری ئەرگۆمێنتی بەهێزی بۆ نمونەکان پێکهیناوەو بەجۆرێکی کاریگەر هەست و سۆزی بەرامبەری بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە.

سەرچاوەکان:

بەکوردی:

1- جەوهەر، یاسین ئاشور و مەحمود، دڵشاد عەلی 2018، هەڵبژاردن وەك خواستێکی دیموکراسی و دەرهاویشتەکانی لەهەرێمی کوردستان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ(4).

2- دزەیی، عبدولواحید موشیر، 2014، پراگماتیکی دەق و گوتار، چاپی یەکەم- بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان، هەولێر.

3- عەلی، تاڵیب حوسێن،2013، ئاواز و واتای پراگماتیکی گوتن، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(42)، بەشی B .

4- عەلی، تاڵیب حوسێن،2019، شیکردنەوەی گوتار، چاپی یەکەم- چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

5- عەلی، بدرخان سلێمان،2015، لێکەوتەی ئاخاوتەیی لەرۆمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی – فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان، سلێمانی.

6- عەلی، بەکر عومەر،2000، میتافۆر لەروانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

7- عەلی، شێرزاد سەبری ،2013، ڕازیکردن د گوتارا ڕامیاریدا، چاپخانا پارێزگەها دهۆکێ، دهۆك-کوردستان،

8- عومەر، تەلان محەمەو هاوەڵانی، 2021، کردەی بەڵێنپێدان لەپرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، گۆڤاری زانکۆی پۆلیتەکنیك بۆ زانستەمرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان، ژمارە(2).

9- کەریم، عومەر مەحموود، 2009، سیمای پراگماتیکی و سیمانتیکی گریمانەپێشەکییەکان، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، کۆلیجی زمان، کۆیە.

بەعەرەبی:

1- بلانشية، فيليب، 2007، ت. صابر الحباشة، التداولية من أوستن الى غوفمان، الطبعة الاولى، دار الحوار للنشر والتوزيع، سورية.

2- جلولی،العيد، 2011، نضرية الحدث الكلامی، من اوستين الى سيرل، مجلهالاپر، العدد الخاص لمؤتمر تحليل الخكاب- جامعةقاصدى المرياح- ورقله(الجزائر).

3- الحباشه، صابر، 2008، التداوليهوالحجاج مداخل ونصوص، صفحات للدراسات والنشر" دمشق.

4- نورية، لعرباوی، 2018، اليات الحجاج فی الخكاب السياسی،دكتورا- كليهالاداب والفنون- جامعهوهران.

بەئینگلیزی:

1- Jef Verschueren,(1999), Undertanding Pragmatics, University of Antwerp, New York: Oxford University Press.

2- • Levinson, Stephen, (1983) Pragmatics. Cambridge: Cambridge University Press.

............

ملخص البحث

هذا البحث الموسوم بـ(الاستلزام الحواري في الخطاب السياسي الكردي - خطابات الحملة الانتخابية – أنموذجا)، مستل من اطروحة الدكتورا، يسلط الضوء على مبادیء وأسس المساعدة عند (غرايس)، وكذلك لتسليط الضوء على بعض الخطابات بصورة عشوائية في الخطابات الخاصة في الحملة الانتخابية لـ(الدور الخامس) لمجلس النواب الكردستاني، وتناول أيضا البعد الدلالي الحجاجي الذي يشير إلى الحالة الارغومونيكية في الخطاب؛ للحصول على الثقة لدى الجماهير للأحزاب.

وقد حاول هذا البحث أن يثبت أن الاحزاب السياسية الكردستانية في منافساتها الانتخابية قد اتخذت الخطابات السياسية مصدرا مهما لاقناع المصوتين لها وذلك للحصول على الثقة لدى الجماهير، ولهذا السبب حاولت الأحزاب السياسية التأثير بتلك خطاباتها للحصول على الأصوات على عواطف الجماهير، وذلك باستنادها على الأدلة والمسوغات المتعددة والمتنوعة للحصول على الأصوات وثقة المصوتين، وقد وجدنا أن بعض ساسة الأحزاب قد انتهكوا أسس المساعدة؛ بقصد خلق حالة الحجاجية واقناع المصوتين وارضائهم ببرامجهم ونظريات حزبهم.

**Abstract**

This research is entitled (Conversational Implicature in Kurdish Political Discourse- Political Discourse of Election Campaign), It is extracted from the part of doctoral thesis, in the light of cooperative principles of Grice that highlights the conversational implicature taking some random examples of the discourse which are specific for election, the (Fifth Round) of Kuridstan Parliament in the perspective of Prgmatic Dimension of Argument. Showing the argumentative side of the political Discourse to achieve the trust of public by the political parties is the target of this research. It is attempted to improve that political parties of Kurdistan in the election competition made the political discourse as an important source to persuade the voters and achieving their voices. For this purpose, they tried to make influence on the emotion and feelings of public in their political discourse. Meanwhile, they depend on diffenet Inference and justifications. Therefore, some of the politiocions violate the cooperative principles so that they make an argumentative condition of discourse to persuade the public and have their trust in their political vision and program.